# پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- موژدەی دا بە خەدیجە -ڕەزای خوای لێبێت- بە خانوویەک لە بەهەشتدا کە لە مرواری ناوبۆش دروستکراوە، نە قسەی ناڕەوا، و نە ماندووبوونی تێدایە

لە عبداللەی کوڕی ئەبی ئەوفاوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- موژدەی دا بە خەدیجە -ڕەزای خوای لێبێت- بە خانوویەک لە بەهەشتدا کە لە مرواری ناوبۆش دروستکراوە، نە قسەی ناڕەوا (قسەی ناڕوا وهاوار)، و نە ماندووبوونی تێدایە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- موژدەی بە کۆشێکدا بۆ خەدیجە -ڕەزای خوای لێبێت- لە بەهەشت ئەمیش لە ڕێگەی جبریلەوە -علیه السلام-، کە ئەم کۆشکە لە مرواری ناوبۆش دروستکراوە وهیچ قسەیەکی ناڕەوا وماندوو بوونێکی تێدا نییە، پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- لە تەمەنی بیست وپێنج ساڵیدا یەکەم هاوسەرگیری لەگەڵ دایکی ئیمانداران خەدیجەدا کرد -ڕەزای خوای لێبێت-، وخەدیجە تەمەنی چل ساڵ بوو، ووتراوە: تەمەنی بیست وهەشت ساڵ بوو، و بێوەژن بوو، وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- شەش منداڵی لە خەدیجە بوو چوار کچ ودوو کوڕ، وهاوسەرگیری لەگەڵ هیچ ئافرەتێکی تر نەکرد هەتاوەکو خەدیجە کۆچی دوایی کرد، ئافرەتێکی زۆر ژیر ودانا بوو، وفەزڵ وپلەپایەی تایبەتی هەیە کە ئاشکرا وزانراوە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3439